# پـــارێزگای سلێمانی

## کۆدی پرۆژە [(SUL. G. ( 3315 )] ساڵی ٢٠٢٣

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە) بۆ پرۆژەی: کۆکردنەوە و گواستنەوەو داپۆشینی خۆڵ و خاشاك زۆنی (٢) ی دوکان کە (١١) یانزە شارەوانی لە خۆ دەگرێت** (دوکان، خەلەکان، سورداش، سەرگەلوو، پیرەمەگرون، ئەنایی، بازیان، گۆپالە، تەینال، بەردەقارەمان، تاسلوجە )

پـــارێزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گریبەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (1,000,000) یەك ملیۆن دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

١- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (4 / 4 /2023 ) دەست پێ دەکات تا رۆژی ( 2/ 5 /2023 ) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەرۆ .
٢- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( 7 / 5 /2023 ) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەرۆ دەبێت .
٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی ( 7 / 5 /2023 )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەرۆ لە پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان.
٤- ئەگەر رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشووکە دەبێتە رۆژی کردنەوەی تەندەر.
٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (1095 ) هەزار و نەوەد و پێنج رۆژ رۆژی رۆژمێری ) (سێ ساڵ).
٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.
٨- پێویستە لەسەر کۆمپانیا هەموو برگەکانی کتاب العطاء پڕبکاتەوە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دووردەخرێتەوە.
٩- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2023 بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە.
١٠- پێویستە بەڕێوەبەری رێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی رێگە پێدراو ( تخویل ) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .
١١- پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کراین بۆ ساڵی 2023 بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دووردەخرێتەوە.
١٢- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری رەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.
١٣- پێویستە لەسەر کۆمپانیا بڕی بارمتەی سەرەتایی (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دووسەد ملیۆن دیناری عیراقی پێشکەش بکات بە ( چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی (١٤٨) رۆژ لە بەرواری داخستنی سندوقی تەندەر، بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دووردەخرێتەوە.
١٤- پێویستەلەسەر کۆمپانیا سیولەی نقدی بە بڕی (١,١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیار و سەد ملیۆن دیناری عێراقی یان تسهیلات الائتمانی بهێنێت لەگەڵ گەڕانەوەی تەندەرەکەدا بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە.
١٥- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .
١٦- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (١٢٠) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.
١٧- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و رەت دەکرێتەوە.
١٨- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .
١٩- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .
٢٠- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .
٢١- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .
٢٢- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی بکات.
٢٣-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وراهێنان / کاروباری تەندەر بکات

### ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی بەشداری دەکەن پێویستە بروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت هەروەها جۆینت ڤێنچەر رێگە پێدراوە بۆ تەواوی کارەکانی پرۆژەکە .
٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی —حکومەتی ئیتحادی و /یان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی ( اصولی )تۆمار کرابن ، هەروەها جۆینت ڤێنچەر رێگە پێدراوە بۆ تەواوی کارەکانی پرۆژەکە .
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەدەرەوەی عێراق و بە شێوەیەکی بنەوایی تۆمارکرابن یان لقیان هەبێت لە هەرێمی کوردستان .

تێبینی:

١-کۆمپانیا پێش کڕینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .
٢-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی /٢٠٢٣
٣-لە رۆژی ٢٦/٤/ ٢٠٢٣ کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەرۆ کۆنگرەیەك ( مؤتمر ) ئەنجام دەدرێت بۆ روونکردنەوە لەسەر پرۆژەکە وە وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك کە لەلای بەڵێندەر گەڵاڵە بووبێت، لە بینای پارێزگای سلێمانی / قاتی چوار / هۆڵی کۆبوونەوەکان.

**وێنەیەك بۆ**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ماڵپەری www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بلاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٢٩٧٣ ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**
**جێگری پارێزگاری سلێمانی**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندازیاری ئامادەکردنی تەندەر | ئەندازیاری چێکی تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان |